# ديموكراتيەتی خۆپەسەندی

مەجید سالح

دەکرێت بڵێین پاش دامەزراندنی پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی١٩٩٢،ئیتر گەلی کورد لەم پارچەییەی کوردستان هەلی خۆبەڕیوەبردنی بۆ رەخسا.ئەو هەلەش داوایەکی لەمێژینەی کورد بوو ،لە پێناوی‌دا خوێن فرمێسك زۆری بۆ رشتبو.بەڵام بەداخەوە لە ماوەی ئەوسیازدە ساڵەی رابوردوودا بەوشێوەی کە دەبوایە ببوایە نەمانتوانی نمونەیەکی سەرکەوتووی وا بەرجەستە بکەین کە خەومان پێوە دەبینی،نمونەیەك کە نەك هەر خۆمان بەڵکو دۆستەکانمان شانازیمان پێوە بکەن.گەر راستگۆ بین لەگەڵ خۆماندا،ئەو دیموکراتیەی کە ئێمە شەو رۆژ لە میدیای حزبەکاندا دیبیستین بە تەنیا دیمۆکراتیەتێکە کە مایەی پەسەندی خۆمانە، یان راستر بلێن مایەی پەسەندی حزبەکانی خاوەن دەسەڵاتە لەکوردستان .ئەگینا هیچ دیمۆکراتیەتێك هەیە لەم کەونەدا سیازدە ساڵ (و خوا ئەزانێ تاکەی))، کۆمەڵێ خەڵك نوینەرایەتی چەندین نەوە بکات؟!هیچ دیمۆکراتیەتێك لە قوشبنێکی دونیادا هەیە هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی بۆ دوو ساڵ بکرێت (کەچی بوو بوبەئەنجومەنی شارەوانی بۆ هەتا هەتایە). ئەوفەسادی ئیدارییەی کە لە فەرمانگەو دامەزراوەکانی ئێمەدا هەیە،لە سەر ئاستی نەك ناوچەکە بگرە لە سەر ئاستی هەموو دونیا وێنەی کەمە،ئەو رۆتینی بەڕیوەچوونی کاروباری حکومییەی لای ئێمە هەیە،لەم سەردەمەی کە بە سەردەمی حکومەتە ئەلکترۆنییەکان ناسراوە،هەر لە باسکردن نایەت.سەبارەت بەئازادی رۆژنامەگەریش ئەو شاردنەوەی راستیانەی کە لەلای ئێمە پەیڕەو دەکرێت وای لە رۆژنامەکانی ئێمە کردوە خەڵك هێندە بەلایانەوە نەچن ونەیانخوێننەوە.هەر پرۆژەیەك کە لەجێگەیەك ئەنجام دەدرێ یەك دوو ساڵی تر لە بەر باش جێبەجێنەکردنی و بۆ ئەوەی کەسی تر قازانجی لێبکات،جارێکی تر بە بوجەیەکی خەیاڵی دووبارە دەکرێتەوە...(بۆ زانیاریتان زۆربەی کۆمپانیاکانی کوردستان خاوەنەکانیان بەرپرسە حیزبی وسەربازییەکانی کوردستانن یان شەریکیانن).لەرووی بەشداریکردنیسیاسیشەوە خەڵك لە گۆڕپانی رووداوەکان ودەستنیشانکردنی چارەنوسی خۆیان ورۆڵەکانیان وەدەرنراون وتەنیا لە کاتی پێویستداو وەك لاسایی‌کرنەوەیەکی رژێمە تۆتالیتاییەکان لە فەرمانگەکانیان دەیانرژێنە سەرجادەکان و ناچاری بەشداریکردنی رێپێوانێکی دەکەن کە لەوانەیە بەلای ئەوەوەجێگەی ئەهەمیەت نەبێت....دەکرێت دەیان نمونەی تر بهێنینەوە کە لەم سیازدە ساڵەی رابردوودا بەداخەوە بە باشی مامەلەمان لە گەڵدا نەکردون وکەڵکمان لە دەرفەتەکە وەرنەگرتوە.بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەگەر جاران بوونی چاوەزیتەکانی دیکتاتۆەکەی بەغدامانکردبوە بیانوو بۆ ئەنجام نەدانی هەندێ ریفورمی پێویست،ئەوا ئێستا کاتی ئەوە هاتوە بە خۆماندا بچینەوە و ئەوەی باشە باشتری بکەین و ئەوەی پێویستە بۆ گەلەکەمان ئەنجامەبدەین.